# بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی فایلەکانی تایبەت بەو کەسانەی سەر بە دەزگاکانی ئەمن و موخابەراتی رژێم بوون

رژێمی پێشوو زۆر شێوازی زەبرو زەنگ و دڵڕەقانەو ترس و تۆقاندن و چەواشەکاریی بە مەبەستی سەرکوت کردنی هێزو حزبە نیشتمانییەکان بەکار دەهێنا ، لەوانەش شێوازی بەزاندن و خۆگەیاندنە نێو ریزەکانیان و هەوڵدان بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە نێوانیاندا، هەروەها پەکخستنی چالاکییەکانیانن و پیلان و سیخوڕی کردن لەسەریان لە پێناو بەدەستهێنانی زانیاری جۆراوجۆری چالاکییە سیاسی و مەیدانی و رێنمایی پەیوەندییەکانیان، دوای رووخانی رژێمیش تۆڕەکانی ئەمن و ئیستخبارات ئاشکرا بوون کە دروستی کردبوون و خزابوونە نێو جەستەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە جیاوازی ئینتیما حزبی و کۆمەڵایەتیی و فیکرییان.

فایلەکان بە تەواوی ناوی ئەو کەسانەی کە خۆیان خزاندبووە نێو ریزی حزبەکان بۆ خزمەتکردنی رژێمی پێشوو لەگەڵ سەرجەم ئەم کارو خزمەتە ئەمنیانەی لە دژی میللەتەکەیان پێشکەشیان دەکرد کەوتنە بەردەست ئەو حزبانەوە، ئەمەش وای دەخواست کە هەڵوێستێکی سیاسی و حزبی و ئیداری دەرحەق ئەو دیاردەیە وەربگیرێت بەم بۆنەیەوە دەمانەوێت ئەمەی لای خوارەوە روون بکەینەوە:

١- دوای سەرنجدان و لێکۆڵینەوەی فایلەکانی سەر بە کەسانی ئەمن و موخابەرات دەرکەوت کە رژێمی پێشوو ئەوەندەی پەیوەندی بە پارتییمانەوە هەبێت لەو رووەوە شکستی خواردووەو نەیتوانیوە سەر بکەوێ، تەنها لە چەند حاڵەتێکی کەم و بچووکدا نەبێ ئەوەش دوای راپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١ و لە ئاستی بنکەکانی خوارەوە بووەو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیش پتەوو پارێزراو بوو بە رووی دەزگای ئەمنی و موخابەراتیەکانی رژێمی پێشوودا، هەر چەندە بە گوێرەی رەوتی رووداوەکان دەرکەوتووە کە رژێم ئەو پەڕی هەوڵی خۆی بۆ بەگژداچوونەوەو شەڕی پارتیمان بەکار هێناوەو لە هەوڵی سەرکووت کردن وشێواندن و دروست کردنی چەندین کلک و کۆمەڵێکی کارتۆنی درێغی نەکردووە.

ئەگەرچی پارتیمان یەکەمین ئامانجی رژێمیش نەبووبێ لە دژایەتییکردنی، ئەوا لەو حزبە سەرەکییە کەمانەیە کە دووچاری گەورەترین هێرشی دڕاندانە بووبۆوە.

٢- هەموو ئەوانەی کە هاوکارو دەستیان لەگەڵ رژێمی پێشوودا هەبووە بە شێوەیەکی یاسایی و بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنیی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت.

هەر بەم بۆنەیەوە سڵاو لە خۆڕاگریی ئەندامە قارەمانەکانی پارتیمان و لایەنگرەکانی دەنێرین و، هەروەها رێزو پێزانینیش لە دڵسۆزی و لە خۆبردوویيان دەگرین سەرەڕای قڕکردن و ترس و تیرۆر و هەوڵی فریودان و بارودۆخی ژیانی سەخت کە رژێمی پێشوو دەرحەقیان ئەنجامی دەدا.

خۆڕاگری و دڵسۆزی و بێگەردی جەماوەری بەرفراوانی پارتیمان سەرچاوەی سەربەرزی و شانازییە بۆگەلی کوردستان.

پەیمان تازە دەکەینەوە لەسەر رێبازی مستەفا بارزانیی نەمر بەردەوام بین، لە پێناو بە هێزترکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامانج گەیاندنی کاروانی خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانیی لە پێناو دیموکراتییەت و فیدراڵی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.